# نەجیبە مەلا محەممەد جەلیزادەی کۆیی
# ژیان و ڕۆڵی لە نووسینەوەی مێژوودا

**پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود**
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
hoshmand.ali@koyauniversity.org
**م. ی. زامدار ئەحمەد ڕەسووڵ**
خوێندکاری دکتۆرا، بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
zamdar.ahmed@gmail.com

**پوختە**

نەجیبە مەلا محەممەد جەلیزادەی کۆیی (1917- 1999)، یەکێکە لە ژنە نووسەر و دیارەکانی سەدەی ڕابردوو، کە جیاواز لە ژنانی دیکە بیری کردووەتەوە و ڕوانیویەتی، ئەمەش پەیوەستە بە کاریگەری بنەماڵەکەیی و ڕۆڵیان لە پێگەیاندن و پەروەردەیدا.

ئەو، لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، لە بەرهەمەکانی: هەواڵی کوردەواری (ڕووداوەکانی سالانی 1962-1963)، هەواڵی کوردەواری (سالانی 1961- 1962/ 1965- 1966)، مێژووی کۆیە و مێژووی جەلیزادە، کە بایەخی گەورەیان بۆ مێژوو و تێگەیشتن لە ڕابردوو هەیە، چونکە لە دید و ڕوانین و بۆچوونی ژنانە بۆ مێژوو، تێگەیشتنی ژنانە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان تێ دەگەین، لەم ڕێگەیەوە بیر و هزری خۆی بەیان دەکات، هانی خوێندن و خوێندەواری دەدات، پەیامی هۆشیاری بۆ کورد و کوردستان هەیە، پەرۆشی ژنانە و دەخوازێت ببنە کارەکتەری نێو ڕووداوەکان و لە کونجی گۆشکراوی ماڵ بێنە دەرەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵ و کاریگەری لە پێشخستنی ژنانی هاوسەردەمی خۆی و ڕچەشکاندنی نەریتە باوەکانە، بەتایبەت کە لە قوتابخانەی کوڕان وەك یەکەم کچە مەلا خراوەتە بەر خوێندن.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی توانا و ڕۆڵی ژنانە لە مێژوودا، تێگەیشتنە لە بیر و هزری ژنان سەبارەت بە مێژوو، کە دەخوازێت تیشك بخاتە سەر وجوودییەتی ژن و دیدگا و تێڕوانینیان بۆ ڕووداوەکان.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەستراوە، شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ پوختەی ژیانی نەجیبە و بەرهەم و نووسراوەکانی کراوە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی ئەو لە نووسینەوەی مێژوودا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و دوو باس پێکهاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: کورتەیەك دەربارەی بنەماڵەی جەلیزادە، لە باسی یەکەمدا وێستگەکانی ژیانی نەجیبە جەلیزادە خراوەتە ڕوو، باسی دووەم و کۆتایی بەرهەمەکانی و ڕۆڵی نەجیبە لە نووسینەوەی مێژوودا باس کراوە.

**کلیلە وشە:** ژن، کوردستان، خوێندن، یەکێتی ئافرەتان، نووسینەوەی مێژوو.

**Abstract**

Najiba Mullah Mohammad Jalizadeh Koyi (1917- 1999) is one of the most prominent female writers of the last century. She was recognized for her own distinctive perspectives and views that are resulted from the influence of her educated family members that played a great role in the field of education and upbringing.

Her writings: Kurdish News (1962-1963), Kurdish News (1961-1962/ 1965-1966), Koya History and Jalizadeh History ware a medium to narrate historical events. These works are of great importance for history and understanding the earlier events and views. From females' perspectives and views towards history, we can have a feminine understanding of the historical events. In these works, she expresses her thoughts, promotes education and literacy, advises Kurds to have awareness, and

encourages women to become influential characters within the events, and get out of the house. Moreover, she played a great role in the development of women’s affairs of her time by going beyond common traditions as she was the first religious man’s daughter to join a boys' school.

This study aims at illustrating the ability and role of women in history, understanding female's perspectives about history, and highlighting the status of women and their views on the events.

This study draws on the method of narrating historical events, analyzes the summary of Najiba's life, works and writings, and demonstrates her roles in reciting the local history. This research consists of two sections. The first section is devoted to the stages of Najiba Jalizadeh's life, and the second section discusses her works and her role in writing history.

**Keywords**: Women, Kurdistan, Education, Women's Union, Writing History.

**پێشەکی:**

بنەماڵەی جەلیزادە، یەکێکن لە بنەماڵە دیارەکانی کۆیە و کوردستان، دیارترین کەسایەتییەکانی ئەو بنەماڵەیە مەلای گەورەی کۆیە و مەسعوود محەممەدی کوڕیەتی، لە نێویشیاندا نەجیبەی مەلای گەورە وەك کەسایەتییەکی دیار و خوێندەواری سەردەمەکەی و بە هۆی کاریگەری بنەماڵەکەیەوە، بوو بە یەکێك لە ژنە پێشەنگەکانی کوردستان.

نەجیبە جەلیزادە، جگە لە کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی، خولیای زۆری بۆ نووسین هەبووە، لەبەر ئەوە دەبینین لە دوای خۆی چەند بەرهەمێکی مێژووی جێ هێشتووە، بە نموونە: کتێبی هەواڵی کوردەواری (ڕووداوەکانی سالانی 1962-1963)، هەواڵی کوردەواری (سالانی 1961- 1962/ 1965- 1966)، مێژووی کۆیە و مێژووی جەلیزادە، کە هەر یەکەیان بایەخی مێژوویی خۆی لە گێڕانەوە و تۆماری ڕووداوە مێژووییەکان هەیە، هەر لە تۆماری مێژووی شار، بنەماڵە، تا ڕاگواستنی هەواڵ و تۆماری ڕووداوەکانی ڕۆژانەی کۆیە و کوردستان و عێراق بە گشتی لە چوارچێوەی تۆماری یادەوەرییەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی توانا و ڕۆڵی ژنانە لە مێژوودا و بە تایبەتی نەجیبە مەلای گەورە، تێگەیشتنە لە بیر و ئەندێشەی ژنان سەبارەت بە مێژوو و نووسینەوەی مێژوو و دیدگای بۆ ڕووداوە مێژووییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەستراوە، شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ پوختەی ژیانی نەجیبە و بەرهەم و نووسراوەکانی کراوە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی ئەو لە نووسینەوەی مێژوودا و شێوازی تۆمار کردنی ڕووداوەکان.

ئەم توێژینەوەیە کە تایبەت کراوە بە (نەجیبە مەلا محەممەد جەلیزادەی کۆیی، ژیان و ڕۆڵی لە نووسینەوەی مێژوودا)، لە دەروازە و دوو تەوەر پێك هاتووە. دەروازە بە ناونیشانی: کورتەیەك دەربارەی بنەماڵەی جەلیزادە، تێیدا بە خێرایی گوزەر بە نێو مێژووی ئەو بنەماڵەیە و کەسایەتییەکانی و ڕۆڵیان لە کوردستاندا خراوەتە ڕوو. باسی یەکەم لە ژێر ناوی: وێستگەکانی ژیانی نەجیبە جەلیزادە، لەم باسەدا تیشك خراوەتە سەر ژیان و قۆناغ و وێستگە جیاوازەکانی نەجیبە جەلیزادە. باسی دووەمی توێژینەوە بە ناوی: بەرهەمەکانی نەجیبە جەلیزادە و ڕۆڵی لە نووسینەوەی مێژوودا، کە خوێندنەوە و شرۆڤە بۆ بەرهەمە مێژووییەکانی نەجیبە کراوە و خراوەتە بەر باس. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دانراون.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوەی زانستی بەستراوە، لە گرنگترین سەرچاوەکان، ئەمانەن: کتێبی هەواڵی کوردەواری (ڕووداوەکانی سالانی 1962-1963) و کتێبی هەواڵی کوردەواری (سالانی 1961- 1962/ 1965- 1966) لە نووسینی نەجیبە جەلیزادە، کە شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ نووسینەوەی مێژوو لەو کتێبانەدا کراوە، هەروەها کتێبی ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد لە نووسینی زامدار ئەحمەد، کە باسێکی تایبەتی لە سەر نەجیبە تێدایە، هاوکات چەند کتێبی و سەرچاوەی دیکەی پەیوەست بە بابەتەکە بەکارهاتووە.

**دەروازە: کورتەیەك دەربارەی بنەماڵەی جەلیزادە:**

بنەماڵەی جەلیزادە، یەکێکن لە بنەماڵە دیارەکانی کوردستان، ڕۆڵ و نەخشی گرنگ و کاریگەرییان لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە، بە درێژایی دەیان ساڵ خزمەتی مزگەوت و خوێندن و زانستییان کردووە (ساڵح، 2017، 67). لە گرنگترین کەسایەتییەکانیان: حاجی مەلا ئەسعەد (1811- 1872)، حاجی مەلا عەبدوڵلا (1835- 1908) و مەلای گەورە (1876- 1943) بووە (مودەریس، 2010، 430- 434).

مەسعوود محەممەد (1919- 2002) لە بارەی بنەماڵەکەیانەوە لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا نووسیویەتی: لە من بە پشتەوە پێنج پشت لە باپیرانم بە جەلیزادە ناسراون، پشتی شەشەم لەقەبی (کاکی جەلی) هەبووە، ڕەگ و ڕیشەی خانەوادەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ جەزیر و بۆتان، لە سەردەمی مەلا برایم کوڕی مەلا حەسەن ڕوویان لە کوردستانی عێراق کردووە و لە گوندی بێگەلاسی پشدەر گیرساونەتەوە، دواتر ڕووەو گوندی شیوەشانی بناری کۆسرەت ڕۆیشتوون، لە پاشان ڕوو دەکەنە گوندی جەلی، دواجار لە کۆیە دەگیرسێنەوە (محەممەد، 2009، 3، 4).

کەسایەتییەکانی بنەماڵەی جەلیزادە، ڕۆڵی گرنگیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و خوێندنی ئایینیدا لە مێژووی شارەکە بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی هەبووە. لە خۆڕا نییە حاجی قادری کۆیی (1816- 1898) لە ئەستەنبوڵەوە شیعری (لە جوملەی ماجەرای دووری ویلایەت) بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە دەنێرێت و لە پەسنی بنەماڵەی جەلیزادە نووسیویەتی:

بە غەیری جەددی ئێوە کێیە دانا

لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا (کۆیی، 2016، 249).

مەلا محەممەدی جەلیزادە (مەلای گەورە)، لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەو بنەماڵەیە، بە تایبەتی لە سەرەتا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. دیارە دەستپێکی خوێندنی وەك دابونەریتی ئەو کاتە بووە و لای مەلا عەبدوڵلای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکی و لێهاتوویی لێ دەرکەوتووە، لەبەر ئەوە باوکی بایەخی زۆری پێداوە، لە سەرەتای خوێندنی حوجرە و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە، ئەوجا خوێندنی مەدرەسەی ئایینی تەواو دەکات، لە دوای کۆتایی خوێندن و بەر لە تەمەنی بیست ساڵی لە لایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی پێ دەدرێت (ساڵح، 2017، 67). بەم شێوەیە قۆناغی دەرەوشانەوەی مەلای گەورە دەست پێ دەکات، لەوە بە دواوە مەلای گەورە، بایەخی زۆری بە خوێندنەوەی کتێبی زانستی و سیاسی و مێژوویی داوە، لە هەمان کاتدا زمانەکانی: عەرەبی، فارسی و تورکی بە باشی زانیوە (بابانزادە، ٢٠١٢: ١٤٦).

بەکارهێنانی چەمکی(مەلای گەورە) بۆ کەسایەتییەک، گوزارشتە لە لێهاتوویی و مەزنی و گەورەیی و جیاوازی ئەو کەسە، چونکە بەردەوام هەوڵی داوە کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکاتەوە و لە سەردەمی تاریکی و نەهامەتی و ئەفسانە پەرستی و خورافیاتی شێخ و دەروێشەکان ڕزگاریان بکات. هەر لەم بوارەشدا چاکسازی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینیی کردووە. لە لایەکی دیکەوە بە ئامانجی ئایندەیەکی گەش و ڕووناک بۆ کوردستان هانی خوێندن و خوێندنەوەی داوە (ئەحمەد/ أ، 2021، 18).

مەلای گەورە، لە ماوەی ژیانیدا دژی ئەو کەسانە بووە کە هەوڵیان داوە دین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربهێنن، بە نموونە شێخەکان، کە ویستوویانە خەڵک لە خۆیان نزیك بکەنەوە و بیانکەن بە موریدی خۆیان، لەم بارەیەوە مەلای گەورە دەڵێت:

هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ

ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ

تەریقی قادری و نەقشبەندی

بەبای دا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی (عەلائەدین، 2009، ١٠٧)

مەلای گەورە بایەخی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە، لەبەر ئەوەشە نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان ناردووەتە قوتابخانە، ئەگەرچی دژایەتی زۆری ئەو کارەی کراوە (ئەحمەد، 2016، ژ 7، 37، 38)، بەڵام مەلای گەورە هەمیشە هانی خوێندنی داوە، بە خەڵکی گوتووە با منداڵەکانتان بخوێنن، ئایندەیان گەش و دیار بێت، تا ببنە دکتۆر و مامۆستا و موهەندیس، با لە ناو کورددا ئەو کەسانەمان هەبێت، بۆچی ژن نەبێتە دکتۆرە؟ با ژنیش ببێتە دکتۆر و چارەسەری ژنە نەخۆشەکانمان بکەن (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، 2023/6/1).

تێگەیشتن لە بیروباوەڕی بنەماڵەی جەلیزادە و دیدگا و تێڕوانینی مەلای گەورە بۆ کۆمەڵگە، هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بزانین بنەماڵەی جەلیزادە تا چەند کاریگەری بە سەر نەجیبە جەلیزادەوە هەبووە. بە تەنیا توانا و لێهاتوویی نەجیبە بووەتە هۆی گەشەسەندن و دروست بوونی، یاخود بنەماڵەکەیان ڕێگەخۆشکەر بووە تا نەجیبە پێ بگات و ڕۆڵ و نەخشی ئەرێنی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت.

**باسی یەکەم: وێستگەکانی ژیانی نەجیبە جەلیزادە:**

نەجیبە مەلا محەممەد مەلا عەبدوڵلا مەلا ئەسعەد مەلا عەبدولڕەحمان مەلا عەبدوڵلا مەلا محەممەد مەلا ئیبراهیم شێخ حەسەن، لە 8ی ئابی ساڵی 1917 لە گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە لەدایکبووە. دایکی ناوی حەبیبە شێخ ڕەزا شێخ قادری سندۆلانە (گەرمیانی، 2013، 96؛ شارەزا، ٢٠١٤، ٨٣؛ ئەحمەد/ ب، 2021، 84). دوو برای بە ناوەکانی مەسعوود و

فارووق، سێ خوشكیشی بە ناوەكانی ئیقلیمە، ئەدیبە و سوورەیا هەبووە (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێكەوتن، 2023/6/1).

لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەكە، گرنگی بە خوێندن و خوێندەواری دراوە، لەم نێوەشدا ساڵی 1924 مەلای گەورە نەجیبەی كچی لەگەڵ كوڕان ناردووەتە قوتابخانەی (ئولای یەكەم)، بە هۆی چوونی نەجیبە بۆ قوتابخانە، قوتابخانەكە بووەتە یەكەمین قوتابخانەی تێكەڵاو، واتە كوڕان و كچان بە یەكەوە خوێندوویانە لە كوردستان (حاجی، 2012، 139؛ شارەزا، ٢٠١٤، ٨٣؛ كانی كوردەیی، 2021، 20).

ئەو كاتە لە كوردستاندا ڕێگە بە خوێندنی كچان نەدەدرا، بۆیە قوتابخانەی كچان نەبوو، بەڵام مەلای گەورە كۆتایی بەو كولتووره هێنا و دژی ڕەخنەكانی كۆمەڵگە وەستایەوە (گۆران، 2023، 34). دیارە مەلای گەورە یەكێک بووە لەو زانایانەی كە لە كاتی خۆیدا شۆڕشێكی ڕۆشنبیری بۆ ژنان بەرپا كرد، ئەمەش بە هۆی ناردنی نەجیبەی كچی بوو، بێ ئەوەی گوێ بداتە لۆمەی لۆمەكاران، لە كاتێكدا هەرایەكی زۆر لە كۆیە دروست بوو، چونكە پێیان سەیر بوو كە مەلای گەورە كچی لەگەڵ كوڕان ناردووەتە قوتابخانە (ئەحمەد/ ج، 2021، 75). مەلای گەورە دوو ئامانجی لە ناردنی نەجیبە بۆ قوتابخانە هەبوو، یەكەمیان: ڕێگا خۆشكردن و دەروازە كردنەوە بوو لەبەردەم خوێندنی كچان، دووەمیان: جیاوازی نەكردن بوو لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ (حاجی، 2012، 140). مەلای گەورە لە شیعری (هەستە پێشكەوە) سەبارەت بە خوێندن دەڵێت:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خـودایە
(قـال) و (قـول) گـشتی هـەبایە
عیلمی كیمیات گەر نەخوێندووە
بـەخوا نازانی خـوا چـی كـردووە (عەلائەدین، 2009، 114).

نەجیبە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە خوێندن بەردەوام بووە، ئەمەش بووە ڕچە شكێن و دواتر خەڵكانی دیكە منداڵەكانیان ناردە بەر خوێندن. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا زۆربەی خەڵک جەختیان لە خوێندنی ئایینی/ حوجرە دەكردەوە (ئەحمەد/ أ، 2021، 87).

بێگومان بنەماڵە كاریگەری بە سەر نەجیبەوە هەبووە، چونكە ژینگەیەكی تەندروست و جیاواز لە نێو بنەماڵەی مەلای گەورە هەبووە، بە نموونە: بەر لە مەلای گەورە پیاوان بە جودا و ژنان بە جیا نانیان خواردووە، بەڵام مەلای گەورە ئەو ڕێچكەیە دەشكێنێت و دەڵێت دەبێت ژن و پیاو بەیەكەوە لە سەر یەك سفرە نان بخۆن. مەلای گەورە بە منداڵەكانی گوتووە نابێت پەیوەندی باوك و منداڵ، پەیوەندییەكی باوكانە و منداڵانە بێت، بەڵكوو دەبێت هاوڕێیانە بێت (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێكەوتن، 2023/6/1). دیارە ئەمانەش هۆكار و یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی منداڵی وەك مەسعوود و نەجیبە بەرهەم بێت.

ناردنی نەجیبە بۆ قوتابخانە بووەتە هۆی ئەوەی لە دواتردا ئەندامانی بنەماڵەكانی دیكەی كۆیە، گلەیی لەوە بكەن كە كاتی خۆی كچەكانیان لەگەڵ نەجیبە نەناردووەتە قوتابخانە، بە نموونە: دكتۆرە عەتیە حەمەسەعید ساڵحی، لە بیرەوەرییەكانیدا نووسیویەتی: "ماڵی دایكم، خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی مەلای گەورە هەیە، دایكی دایكم، كچی حاجی مەحموود بەگ، لە بنەماڵەیەكی ناسراوی كۆیەن و لە بنەڕەتدا بابان بوونە. دایكم لە تەمەنی بچووكییەوە بە خوێندنی قورئان خەریك بووە، تەمەنی نزیك بووە لە تەمەنی نەجیبە خانی جەلیزادە، بیرم دێت زۆر جاران دایكم گلەیی لە باوكی دەكرد، كە كاتی خۆی نەیهێشتووە لەگەڵ نەجیبە خان بچێتە قوتابخانە! ژنێكی ناسراوی كوردستان و عێراق بووە، ئەگەرچی تەنیا قورئانی پیرۆزی خوێندووە و چەندین سوورەت و ئایەتی لەبەر بووە، سەرەڕای زانیاریی ئایینی، هاوكات ژنێكی ڕۆشنبیر و زۆر بوێر و چاونەترس بووە (ساڵحی، 2023، 37)."

نەجیبە لە منداڵییەوە زیرەك و وریا بووە، حەزی لە مەجلیسی باوكی بووە، كە بنەماڵەیەكی دیار و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و سیاسی و شاعیر بوون، بەڵام خۆشی بوێر و ڕۆشنبیر و دۆستی كتێب و خوێندنەوە بووە، لەوە بە دواوە بووەتە خوێندەوارێكی جددی و شارەزایی بە تایبەتی لە سەر هۆنراوەی كوردی پەیدا كردووە، لە لایەكی دیكەوە بایەخی بە زمان داوە و هەر یەك لە زمانەكانی عەرەبی و فارسی زانیوە (رواندزی، 2005، 325؛ حاجی، 2012، 140؛ گۆران، 2023، 34، 39).

ساڵی 1933 یەكەمین قوتابخانەی تایبەت بۆ كچان لە كۆیە كرایەوە، لەو كاتەدا نەجیبە بۆ ماوەی دوو ساڵ بووەتە سەرپەرشتیاری یەكەم وەكوو بەڕێوەبەر و مامۆستا لە قوتابخانەی كچانی كۆیە، تا ئەو كاتەی مامۆستا و بەڕێوەبەر بۆ قوتابخانەكە دانراوە (حاجی، 2012، 140؛ گەرمیانی، 2013، 96؛ گۆران، 2023، 36).

نەجلە شێخ ڕەئووفی خانەقا، خێزانی مەسعوود محەممەد و بووكی مەلای گەورە، لە بارەی نەجیبەوە دەڵێت: "نەجیبە ژنێكی چاو كراوە و زیرەك بوو، تەنانەت جیاواز لە ژنانی دیكە هەنگاوی ناوە، لە دانیشتنەكانی پیاواندا بەشدار بووە، بیروبۆچوون و ڕەیی خۆی هەبووە، نەجیبە لە نێوان بنەماڵەی جەلیزادە بە تایبەتی و كۆیە بە گشتی لە ڕێوڕەسمە ئایینییەكان بەشدار بووە و

سەردانی نەخۆشی کردووە، مەجلیسی شەوانەی هەبوو، خەڵك لە دەوری کۆ دەبوونەوە و قسەی بۆ دەکردن (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، 2023/6/1)."

نەجیبە لە چالاکییەکانی کۆمەڵگە دانەبڕا و بەردەوام بوو، بە شێوەیەك هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان کردووە و لە سیاسەتدا بەشدار بووە، بە نموونە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی میللەتەکەی بووە و یەکێک بووە لە لایەنگران و دڵسۆزانی پارتی هیوا و ئافرەتانی شاری کۆیەی بۆ خەبات کردن لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان و نەتەوەکەیان هۆشـیار کردووەتەوە (حاجی، 2012، 140؛ کانی کوردەیی، 2021، 11). تەنانەت ساڵی 1943 و لە دوای کۆچی دوایی باوکی نەجیبە گوتوویەتی: "ژیانی هاوبەشی پێک ناهێنم، بەڵکوو لە پێناو ژنان تێ دەکۆشم و هەموو هەوڵ و کۆششێك دەدەم، لە پێناو هۆشیار ژنان و بەرەوپێشبردنیان (ئەحمەد/ ب، 2021، 90)."

هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەستنی کۆنگرە، لە 16ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٦دا، بووەتە ئەندامێکی کاری ئەو پارتە، لە لایەکی دیکەوە لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ئێران بە پێشەوایەتی قازی محەممەد، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە هۆشیاری نەتەوەیی بۆ ژنانی شاری کۆیە( سەنگەسەری، 2013، 10؛ گەرمیانی، 2013، 97؛ ئەحمەد/ ب، 2021، 88).

کاتێکیش لە 11ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1952 یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا (عەونی، 50،2021). نەجیبە بە نهێنی بووەتە سەرپەرشتیاری لقی کۆیەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و تا ساڵی 1958 بەردەوام بووە، لە دوای شۆڕشی 14ی تەمموز بە شێوەیەکی ئاشکرا بووەتە بەرپرسی ڕێکخراوەکە لە شاری کۆیە و لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنەکاندا گوتاری یەکێتی ئافرەتانی خوێندووەتەوە و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردستانی بۆ ئامادەبووان و گوێگران باس کردووە (حاجی، 2012، 141؛ سەنگەسەری، ٢٠١٣، ١٠؛ گەرمیانی، 2013، 97).

نەجیبە لەگەڵ دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول بە هەمان شێوە لە کارەکانی بەردەوام بووە، کاتێکیش ساڵی 1975 شۆڕش کۆتایی دێت، ئاوارەی ئێران دەبێت و ماوەی دوو ساڵی لە ماڵی ئیقلیمەی خوشکی لە کەرەج دەمێنێتەوە (گەرمیانی، 2013، 98؛ ئەحمەد/ ب، 2021، 89).

چیمەن ڕەفیق، لە دۆست و خزمانی نەجیبەیە و سەبارەت بەو ژنەی کۆیە دەڵێت: "نەجیبە بە (یایی دایە) ناسراوە، بەرپرسی یەکێتی ئافرەتان بوو لە کۆیە، من منداڵ بووم لەگەڵ دایکم دەچوومە کۆبوونەوەیان، مەجلیسی هەموو تەوعییە کردن بوو، قسە و نسیحەت و ئامۆژگاری بوو، شەرمی نەدەکرد، قسەی جوان و باشی دەکرد، قسەی نەستەق بە نموونە دەهێنایەوە، ئەگەر دوو کەس بەیەکەوە لە مەجلیس قسەی کردبا، دەیگوت یەك یەك قسە بکەن، نەك پێکەوە. لە موزەکەراتی خۆی شتەکانی دەنووسییەوە، بە نموونە: ئەمشەو لە ماڵی فلان کەس دانیشتووین، باسی ئەو بابەتە کرا (عەبدولکەریم، چیمەن ڕەفیق، چاوپێکەوتن، 2023/6/25)".

هەوڵ و چالاکییەکانی نەجیبە لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، بووە هۆی ئەوەی لە ئەدەبیات و شیعردا ڕەنگ بداتەوە. بە نموونە کەریم شارەزا لە شیعری(کۆیە شاری ئەدەب و هونەر و ڕاپەڕیندا)، لە بارەی ژنانی کۆیە و نەجیبەوە دەڵێت:

ئافرەتی کۆیە ناودار و دیارن
زیرەك و هۆشیار ئازاو بەکارن
حەکیم و زانا و شێری ژیانن
نەنکە سوراحی و حەزینە خانن
نەجیبە خانی زیرەك و دانا
گوڵی مەجلیس بوو لە ناو ژنانا
ئامینەخانی حاجی حەماغا
شێرە ژنێك بوو بە جەرگ و ئازا
عەیشە گڵوکەی مەردی بێ هاوتا
وەکو شێر لە ڕووی جەلادی وەستا
خاتوو فریشتەی دانای ڕۆشنبیر
لە ڕێگەی خەبات بە ڕا و تەگبیر
لە تێکۆشانا بە دەست و برد
نموونەی دیاری ئافرەتی کوردە (شارەزا، 2016، 392، 393).

بە هۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە، ساڵی 1992 نەجیبە بارودۆخی بەرەو خراپی دەڕوا و تووشی نەخۆشی ئێسکە نەرمە دەبێت و لە پێ دەکەوێت، ئەگەرچی هەوڵی چارەسەر کردنی دەدرێت، بەڵام دۆخی بەرەو باشی ناچێت (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، 2023/6/1). دواجار لە شەوی 11 لە سەر 12ی حوزەیرانی ساڵی 1999 لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە بە خاك دەسپێردرێت (شارەزا، ٢٠١٤، ٨٣).

**باسی دووەم: بەرهەمەکانی نەجیبە جەلیزادە و ڕۆڵی لە نووسینەوەی مێژوودا:**

**یەکەم: بەرهەمەکانی نەجیبە جەلیزادە:**

بەرهەمەکانی نەجیبە زۆر نین، بەڵام لە ڕووی نووسین و قۆناغی مێژوویی خۆیدا، گرنگی و بایەخی مێژووناسی خۆیان هەیە، وێڕای کەموکوڕیی و ناتەواویی لە بابەتەکانیدا، بەڵام بە گشتی وەك سەرچاوەی زانیاری هەژمار دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی بەرهەم و نووسینەکانی کە لە دووتوێی کتێبدا بڵاوکراونەوە، ئەمانەن:

1. ئامادەکردن و چاپکردنی دوو بەرگی تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی مەلا محەممەدی کۆیی: بەرگی یەکەم، لە چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغدا، ساڵی 1968. بەرگی دووەم، لە هەمان چاپخانە و شوێن، ساڵی 1970 (ڕەسووڵ نەژاد، ژ 4، 2018، 128).
2. مێژووی شاری کۆیە، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ساڵی 2009.
3. مێژووی جەلیزادە، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ساڵی 2011.
4. هەواڵی کوردەواری (ساڵانی 1962- 1963)، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، 2018.
5. هەواڵی کوردەواری (ساڵانی 1961- 1962/ 1965- 1966)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2020.

هاوکات لەگەڵ ئەم بەرهەمە بڵاوکراوانەی چەندین بەرهەمی دیکەی نووسیوە و چاپ و بڵاونەکراوەتەوە و تا ئێستا دەستنووسە، لەوانە: هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان لە سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦١)دا. کوردستان، چەپکە گوڵ، حەوت ڕەنگ، هەمەڕەنگ، خەم ڕەوێن... هتد (عەلائەدین، 2014، 312، 313). لە ڕاستیدا نەجیبە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەردەوام بایەخی بە مێژوو داوە، بەتایبەتی مێژووی خود، لەبەر ئەوە کۆی گشتی ئەو ڕووداوانەی نووسیوەتەوە، کە لە سەردەمی ئەو ڕووی داوە، بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و سەربازییەکانیشەوە (ئەحمەد/ ب، 2021، 91، 92).

نەجیبە بیروبۆچوونی خۆی لە سەر خەبات و مێژووی تێکۆشانی کورد هەبووە و خودی خۆشی لەگەڵ ڕووداوەکاندا ژیاوە. لەم ڕووەوە بەردەوام بە دوای سەربوردەی ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشمەرگە و سەرکردەکانی کورد بوو. بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ژیانی تایبەتیی خۆی ئاوێتەی ڕووداوەکان کردووە، هەستاوە بە نووسینەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر میللەتەکەیدا هاتووە (خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، 2023/6/1).

نەجیبە جەلیزادە لە دوای مەستوورەی ئەردەڵان بە دووەم ئافرەتی مێژوونووسی کورد دادەنرێت، نەجیبە لە کتێبی (مێژووی جەلیزادە) بە شێوەیەکی گشتی باس لە مێژووی بنەماڵەکەیان دەکات، کە بنەچە و ڕەچەڵەکیان لە کوێ بووە و بەرەو کوێ چوون و لە کوێ گیرساونەتەوە، هۆکار و فاکتەرەکانی هێندەی زانراوە باسی لێوە کردووە، لەگەڵ کۆمەڵی بابەتی دیکەی پەیوەست بەو بنەماڵەیەوە. هەروەها لە کتێبی (مێژووی شاری کۆیە) باسی لە مێژووی شاری کۆیە بە گشتی و کولتوور و فەرهەنگی و یارییە کۆن و کوردەوارییەکانی ئەو شارەی کردووە، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ تێگەیشتن لە ڕۆشنبیری شارەکە و ناساندنی کەلەپووری کۆیە (ئەحمەد/ ب، 2021، 91). لە لایەکی دیکەوە لە نووسینی مێژووی کۆیە و باسی ڕووداوەکانی، (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) بە یەکەم کەس دادەنرێت لە تۆمارکردنی مێژووی شارەکە (بڕوانە: تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم)، بەڵام نەجیبە بە تەواوکەری ئەو دادەنرێت لە نووسینەوە و ناساندنی مێژووی کۆیە (جەلیزادە، 2018، 8).

لێرەدا بۆ دەرخستنی ڕۆڵی نەجیبە لە نووسینەوەی مێژوودا، تیشك دەخەینە سەر یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەویش کتێبی (هەواڵی کوردەواری)یە، کە لە دووتوێی دوو کتێبی سەربەخۆدا چاپکراون.

لە ڕاستیدا کتێبەکانی هەواڵی کوردەواری کە تۆماری زانیاریی ڕۆژانەی سەردەمەکەی خۆیەتی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەر وەك بیرەوەریی کەسی و تۆماری ژیانی ڕۆژانەی نەجیبە خۆی دێتە هەژمار، کە بریتین لە (بیرەوەرینامەی ڕۆژانە) (جەلیزادە، 2020، 10). ئەم بیرەوەرییانەشی لە دووتوێی دوو کتێبی سەربەخۆ و دوای ساڵانێکی زۆر لە دوای مردنی، لە لایەن خانەوادەکەیەوە ڕادەستی (د. کەمال مەعرووف) دەکرێت و ئەویش پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بۆ دەکات و وەك لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی: "... بابەتەکە چۆن بووە وەکوو خۆیم نووسیوەتەوە، دەستکاری

تاکە وشەیەکم نەکردووە، تەنیا لەڕووی ڕێزمانەوە دەستکاریم کردوون، چونکە نەجیبەخان بە شێوەزاری کۆییانەی نووسیون، ... (جەلیزادە، 2018، 5)". کەواتە نووسینەکانی نەجیبە لە ڕوانگەی زانیارییەوە وەکوو خۆی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کتێبی یەکەمی هەواڵی کوردەواری تۆماری ڕۆژانەی ڕووداوەکانی سالانی (1962- 1963) لە دووتوێی (255 لاپەڕەی قەبارە گەورەی وەزیری/ 17- 24سم) لە چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ساڵی 2018 چاپ کراوە. ناوەڕۆکی هەواڵی کوردەواری/ بەرگی یەکەم، بە گێڕانەوە و تۆماری ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ڕێکەوتی (27/ 6/ 1962) دەست پێ دەکات و بە (31/ 12/ 1963) کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام لە کۆتایی ئەو بەرگەدا، کورتە هەواڵی ساڵی (1964) و شەش کورتە هەواڵی ساڵی (1965)ی تێ کەوتووە. کتێبی دووەمی هەواڵی کوردەواریش تۆماری ڕۆژانەی ڕووداوەکانی سالانی (1961- 1962) و سالانی (1965- 1966) لە دووتوێی (430 لاپەڕەی قەبارە گەورەی وەزیری/ 17- 24سم) لە چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ساڵی 2020 چاپ کراوە.

هەروەها لەو بەرهەمەیدا و لە شێوەی تۆماری هەواڵی ڕۆژانە، مێژووی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەی کوردستان و کۆیە و دەوروبەری بۆ تۆمار کردووین، کە یەکێکە لە قۆناغە گرنگ و هەستیارەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە باشووری کوردستاندا، کە ئەویش قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولە، جگە لە ڕاگواستنی هەواڵەکانی پێشمەرگە و شۆڕش و حکومەتی عێراقی ئەو کات، هاوکات ئاوڕی لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری داوەتەوە، تەنانەت هەواڵی کەشوهەوای ڕۆژانەشی لە پاڵ هەواڵ و زانیارییەکانی دیکەدا بۆ تۆمار کردووین (جەلیزادە، 2018).

**دووەم: سەرچاوەی زانیارییەکانی و هەڵسەنگاندنیان:**

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی پشت بەستنە بە کەرەستەی (مێژووی زارەکی[1]). کە ئەویش دوو جۆرە: یەکیان ئەوانەی خۆی لە زاری کەسانی ئاگاداری ڕووداوەکان وەری گرتووە، پاشان تۆماری کردووە، یان لە چەند دەستنووسێکی وەرگرتووە، کە ئەوانیش لە زاری چەند کەسێکی ئاگاداری نێو ڕووداوەکان نووسراون. هەروەها پشتی بەو چیرۆک و قسانەی پشتاوپشت هاتوون بەستووە.

سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بەو بابەتانەی ئەو لە چوارچێوەی کتێبەکانی هەواڵی کوردەواری نووسیویەتی، پشت بەستن بووە بە: ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و خەڵك، کە بینیونی و زانیارییەکانی لێ وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەردانی دیوەخانی مەلای گەورەی باوکیان کردووە و ئەویش ڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەواڵ و ڕووداوەکانی وەك خۆی تۆمار کردووە (جەلیزادە، 2018، 5؛ جەلیزادە، 2020، 11). ئەوە جگە لەوەی نەجیبە لە چوارچێوەی تۆماری یادەوەری ڕۆژانەیدا، باس و زانیاریی و هەواڵی نێو بنەماڵەکەیی و ژیانی کەسی خۆی بۆ تۆمار کردووین، بۆ وێنە لە باسی مەلای گەورەی باوکیدا، نەجیبە دەڵێت: "هەندەك بە دوور و درێژی باسی لەدایکبوون و مردنی باوکم دەنووسمەوە (جەلیزادە، 2018، 9)". کە لێرەدا خودی خۆی سەرچاوەی زانیارییەکان بووە بۆ تۆماری ژیانی مەلای گەورەی کۆیە.

لە سەرچاوەی زانیارییەکانیدا جگە لە پشت بەستنی بە قسەی زارەکی و وەرگرتنی لە دەماودەمی کەسانێك کە سەردانی کردوون، یان بینیونی، سوودی لە سەرچاوەی دیکەی زانیاریش وەرگرتووە، کە زۆر جار هەواڵ و زانیارییەکانی لە ڕۆژنامە جیهانییەکان ڕاگواستووە و لە چوارچێوەی بیرەوەرییەکانیدا بۆ گێڕانەوەی دۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستان سوودی لێوەرگرتووە، بۆ وێنە (ڕۆژنامەی گاردیان)ی بەریتانی (جەلیزادە، 2018، 224)، کە ئەمەش ئاستی هۆشیاریی و خوێندەواریی ژنێکی کورد دەردەخات لە کات و سەردەمی ئەوسای کۆمەڵگەی کوردی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا.

هەروەها یەکێکی دیکە لە سەرچاوەی زانیارییەکانی ڕاگواستنی هەواڵەکانە لە ڕادیۆ، بۆ وێنە لە ڕێککەوتی (1/ 12/ 1963)دا نووسیویەتی: "ئەوە لە ژوورێ دانیشتووم لەبەر سۆپای گوێم لە ئەخباری (عمان) ڕاگرتووە، سەعات سێیە بە تەوقیتی بەغدای، عمان دەڵێ ئەمڕۆ و سبەینێ (ناظم قدس) ڕەئیسی پێشووی سوریا کە حەپس بوو بەردرا... (جەلیزادە، 2018، 207)". ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە نەجیبە جگە لە گرنگیدان بە هەواڵ و زانیارییەکانی کوردستان و عێراق، هاوکات گرنگی بە نووسینەوەی هەواڵەکانی وڵاتانی دەوروبەریش داوە و لە پاڵ تۆماری بیرەوەریی و تۆماری هەواڵەکانی ڕۆژانەی، ئەوانیشی نووسیوەتەوە، کە ئەمڕۆکە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی سوودیان لێ وەربگیرێت.

(1) مێژووی زارەکی: مێژوونووسان جگە لەوەی گرنگی دەدەن بە بەکارهێنانی سەرچاوە، گرنگی بە شایەتحاڵی مێژووی زارەکیش دەدەن، کە سەرچاوەی زارەکییەکانیش بۆ دوو بەش دابەش دەبن، یەکەم: بریتییە لە یادەوەری زارەکی، کە توێژەر ڕاستەوخۆ دەتوانێت چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات و زانیاریان لێ وەربگرێت. لە کۆتایی سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم جۆرە میتۆدە لە وڵاتی بەریتانیا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە بواری مێژووی کۆمەڵایەتیدا. دووەم: بریتییە لە کولتووری زارەکی، واتە هەموو ئەو شتانەی لە ڕێی قسەی گوتراوی زارەکییەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، لە چیرۆک، هەواڵ، ڕووداوەکانی ڕابردوو. هەرچەندە ئێستا لە وڵاتە ڕۆژئاوایی و پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا زۆر کەم بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی خۆی هەر ماوە. هەڵبەت تاکوو ئێستاش ئەو زانیارییانەی لە ڕێی مێژووی زارەکییەوە دەگوازرێتەوە جێی گومانن و کەمتر پشتی پێ دەبەسترێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (توش، 1994، ٢٩٧).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دوای ئەوەی لە ڕێککەوتی (16/ 5/ 1965) ماڵی نەجیبە چوونەتە بەغدا، دەبینین لە ڕووی سیاسییەوە چی لە عێراق ڕووی داوە هەمووی بۆ تۆمار کردووین، هەروەها باشتر دەستی بە سەرچاوەی جۆراوجۆری هەواڵ و زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، کە سوودی لە بڵاوکراوەکانی ئەو کاتی ساڵانی (1965- 1966)ی بەغدا وەرگرتووە، وەکوو: (المنار، الخليج العربي، الفجر الجديد، العرب، البلد، الثوره العربيه، صوت العرب، الجمهوريه، الانوار، المصور) (جەلیزادە، 2020، 212).

**سێیەم: ڕێبازی نووسینەوەی مێژوو لای نەجیبە جەلیزادە:**

ڕێبازی نووسینی نەجیبە لە کتێبی هەواڵی کوردەواری بە زۆری ڕێبازێکی مێژوویی وەسفییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە شێوەی قۆناغ بەندی مێژوویی، بە جۆرێك، جگە لەوەی دوو ڕووداوی لە ڕێککەوتەکانی (5/ 9/ 1960) و (31/ 12/ 1960) بۆ تۆمار کردووین، بەڵام بەسەریەکەوە و بە تەواوەتی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی و تۆماری هەواڵی ڕووداوەکان لە ڕێککەوتی (4/ 1/ 1961) دەستی پێ کردووە و لە (30/ 12/ 1966) کۆتایی پێ هاتووە (جەلیزادە، 2020؛ جەلیزادە، 2018)، هەرچەندە لە نووسینەوەی یادەوەریی و گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆیی و بنەماڵەکەیی و کۆیە و کوردستان و عێراق بە گشتی، جگە لە گەیاندنی زانیارییە مێژووییەکان بە ئەمڕۆمان، هاوکات هەوڵی داوە لەگەڵیشیدا لێکدانەوە و شرۆڤەکاری بۆ هۆکاری ڕووداوەکان بکات و بۆچوونی خۆشی لە زۆر شوێندا خستووەتە ڕوو، ئەنجامیشی بە دەستەوە داوە. بەڵام لە هەندێك جێگاشدا لایەنگریی و هەست و سۆزی خۆی نەشاردووەتەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر حیزبی شیوعی، بۆ وێنە: لە نووسینەوەی یادەورینامەکەی لە ڕێککەوتی (28/ 6/ 1962) نەجیبە نووسیویەتی: "دەڵێن سەرکەپکان و بێتواتە بۆردومان کراوە، پێشمەرگە چوونە گوندی (پیرەرێ) و (داربەسەر) و (ئیلنجاغ)، (14) دەمانچە، (18) تفەنگیان لە شیوعییەکانیان سەندووە، زۆریشیان لە مەلای ئیلنجاغ داوە، دەستیان خۆشبێ شیوعیەکی زۆر بێ نامووسە (جەلیزادە، 2018، 24)". لێرەدا زۆر بە زەقی هەست بە ڕقی نەجیبە بەرامبەر بە شیوعییەکان دەکرێت، تەنانەت لە باس کردنی لێدان لە مەلای گوندی ئیلنجاغدا، زۆر زەقتر ڕق و قینی خۆی دەربڕیوە، کە ئەمەش بە کەموکوڕی بۆ کەسایەتی نەجیبە هەژمار دەکرێت، هەم کە خۆی کچە مەلا بووە، هەمیش دەبوو ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیری بە سەر سۆز و لایەنگری سیاسیدا زاڵ ببووایە.

هەروەها لە چەند شوێنێکی دیکەشدا بە شێوەی ناشیرین باسی لە شیوعییەکان کردووە، بە نموونە: لە ڕێککەوتی (18/ 8/ 1961)دا نووسیویەتی: "سمکۆی کوڕی مەغدیدی قەصاب کە نائیب زابتە لە جنوب هاتۆتەوە گوتویەتی جەیش شەڕی بۆ عەبدولکەریم ناکات بۆیە تا ئێستا جەیش نەهاتووە (با هەندێك باسی سمکۆی بنووسم ئەوەی کە خۆشم دەینوسم بێ درۆیە) سمکۆ لە پاش سەورە بووە شیوعی شیوعیەکی بێ نامووس بێ وەفا داخلی مقاوەمەی شەعبی بوو هێرشی دەبردە سەر ماڵە غێرە شیوعییەکان عەزابی دەدان یەك لەوانە هجومی کردە سەر خراپە بەسەر ماڵی عەزیزی صاڵح ئاغای دادا،... (جەلیزادە، 2020، 78)". لێرەدا نەجیبە جگە لەوەی بە ناشیرینی باسی کەسێکی هەڵگری بیروباوەڕی شیوعی دەکات، کە بە هۆی کردەوەکانی بە بێ نامووس ناوی دەهێنێت، کە دەکرا تەنیا کردارەکانی تۆمار کردبا، بێ ئەوەی وشەی ناشیرین و دوور لە کەسایەتی خۆی نووسیبا، ئەوە جگە لەوەشی زۆر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە نووسیویەتی ئەوەی کە خۆشم دەینووسم بێ درۆیە! لەمەشدا بەو جۆرە متمانەیەوە ناچێتە پارسەنگی زانستی، دەشێت ئەوەی لە دیدی خۆیدا هەڵە بووە، لە دیدی بەرامبەر وەك بیروباوەڕ و ئایدیا ڕاست و دروست بوو بێت.

لە لایەکی دیکەوە باسی ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە سەرەتاکانی ململانێی حیزبی شیوعی و پارتی لە سەرەتاکانی ساڵی 1961دا، زۆر بە ڕاشکاویی و بێ هیچ پێچ و پەنایەك لە زاری مەسعوود محەممەدی برایەوە، ململانێکانی نێو سەرکردایەتی پارتی، مەسعوود محەممەد و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالی خراوەتە ڕوو (جەلیزادە، 2020: 24، 25، 26).

نەجیبە جەلیزادە چەند ڕێبازێکی جیاوازی لە نووسینەوەی تۆماری مێژووی یاداشت و هەواڵەکان و ڕووداوەکاندا سوود لێ وەرگرتووە، لەم بارەشەوە شارەزایانە بوارەکانی فۆلکلۆر، ئەدەب و جوگرافیا و کەشوهەوای تێکەڵ بە نووسینەوەی مێژوو کردووە، بۆ نموونە: لە ڕێککەوتی (18/ 8/ 1961)دا نووسیویەتی: "دوو شەو و ڕۆژە زۆر گەرمایە وە ڕەشەبای هەیە و ناخۆشە و بایەکەشی گەرمە خودا ڕەحم بەو لەشکرەی بکات کە لە بناری هەیبەت سوڵتانە ئەوانی دۆڵی خەلەکان و چنارۆك و سورداش جێ یان خۆشە... (جەلیزادە، 2020، 78)". هەر لەم ڕووەوە لە ڕێککەوتی (20/ 8/ 1961)دا نووسیویەتی: "بەڕاستی ئەم شەو زۆر خۆش بوو هەوایەکی فێنك ئاسمانێکی بێ گەرد ژینگەدار، ... (جەلیزادە، 2020، 80)". هەر لە باسی کەشوهەوا لە پاڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە چەندین شوێنی دیکەدا ئەوەی دووپات کردووەتەوە (بڕوانە: جەلیزادە، 2018، 222، 226، 227، 229، 230).

لە تێکەڵکردنی سروشت و جوگرافیاش لە پاڵ گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوەکاندا، لە ڕێککەوتی (19/ 8/ 1961)دا نووسیویەتی: "ئەم شەو لەشکری عەشائر لە دامێنی چیای لە هەورازی چیای لە قەدی چیای لە بەینی ڕێی تڕومبێل و کاروانی

چیای لە هەمووی ئاگریان كردبۆوە مەنزەرەی زۆر جوان بوو بە ڕۆژ گوتیان بۆیە حەڤدە ئاگریان كردبۆوە گوتووبوویان هیچ هێزی عەشائر لە چنارۆك و هەیبەت سوڵتان نەماوە (جەلیزادە، 2020، 80)".

لەگەڵ ئەو لایەنە ئەرێنییانەی ئەو لە پەیڕەوی ڕێبازی نووسینیدا، بەڵام لایەنی نەرێنیشی هەیە، كە بە كەموكوڕی ئەو دێتە ژماردن، وەكوو دانەنان و بەكارنەهێنانی پەراوێز بۆ خستنە ڕووی سەرچاوەكانی كە بەكاری هێناون و سوودی لێوەرگرتوون، وەك: ڕۆژنامە، ناوی تەواوی ڕادیۆكان و... هتد. هەروەها بۆ ڕوونكردنەوەی هەندێک بابەتی لابەلای كە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە كوردستان و عێراقەوە نەبوو، دەكرا بە كورتی لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ بكات. هەروەها لە هەندێك شوێندا لایەنگر و هەست و سۆزی بەسەردا زاڵە، بۆ وێنە لە باسی مەسعوود محەممەدی برایدا لە ڕێكەوتی (15/ 8/ 1961) نووسیویەتی: "... دەڵێن عەبدولڕەحمانی ئەحمەدی هەناری لە بەغدای هاتۆتەوە گووتویەتی چوومە لای كاك مەسعوودی لەبەر وەزعی كوردەواری دڵی زۆر ناخۆشە گووتویەتی هەرچی كوردی بە كووردایەتی هەڵسێ لە بەغدای حەسێبی بۆ دەكرێ، گوایا كاكە زیاد گووتویەتی كاك مەسعوود هەر خەریكی ئیشی عەشائر نییە خەریكی ئیشی هەموو كوردە (جەلیزادە، 2020، 76)". لێرەدا زێدەڕۆیی لە باسی مەسعوود محەممەددا هەیە، چونكە ڕاستە ئەو كەسایەتییەكی زانا و بیرمەندێكی گەورە بوو لە زمان و فەلسەفەدا، هەروەها پەیوەندییەكی باشیشی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و خودی عەبدولكەریم قاسم و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هەبووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە هەموو ئیشی كورد لە دەستی مەسعوود محەممەد بێت.

دوای توند بوونی ململانێی نێوان باڵی مەلایی و جەلالی لە نێو پارتی و لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوولدا، نەجیبەی بێ ئومێد و بێ تاقەت كردووە، وەك دەبینین لە نووسینەوەی یادەوەرینامەكەیی و لە ڕێككەوتی (30/ 3/ 1965)دا نووسیویەتی: "لەوەتی نێوان حزب و مەلا تێك چوو بوو ئەو تەرزە قصە و بەیانی ناڕەوایان لە حەق یەكدی بڵاو دەكردەوە حەزم لە نووسینەوەی باس و خواس نەمابوو شەرمم دەكرد باسی شۆڕشی كوردان بكەم چ بنوسمەوە لام شتەكی زۆر ناشرن و ناڕەوا بوو، كەچی ئەوڕۆ كوت و پڕ شتێك بە دڵمدا هات بۆچ واز لە نووسینەوەی بهێنم من شت نەنووسمەوە خۆ عالەم هەر دەزانێ،... (جەلیزادە، 2020، 214)". لێرەدا وێڕای بێ تاقەتی و پێ ناخۆش بوونی لە ململانێی نێو سەركردایەتی سیاسی ئەو كاتی كوردستان، كە بە ململانێی مەلایی و جەلالی ناسراوە، بەڵام وەك هەستكردن بە بەرپرسیارەتی لە تۆماری ڕووداوەكانی كوردستان یاداشتی كردوون، هەتا ئەگەر بەدڵیشی نەبن.

بۆیە لە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی مێژووییدا پێویستە توێژەر بە تەنیا ڕووداوە مێژووییەكان نەخاتە ڕوو، بەس و بێ لێكدانەوەی هۆ و گەیشتن بە ئەنجام بەسەریاندا تێ پەڕێت، بەڵكوو پێویستە لەگەڵ خستنە ڕووی ڕووداوەكان، شرۆڤەكاری و لێكدانەوەی هۆی ڕوودانیشیان بكات و ئەنجامیشیان لێ بەدەستەوە بدات (توش، ١٩٩٤، ١٨٢، ١٨٥)، بەڵام ئەوە زۆر بە كەمی لە یادەوەرینامەی نەجیبەدا دەبیندرێت، چونكە ئەو زیاتر هەواڵەكانی ڕاگواستووە و ڕووداوەكانی كە ئاگای لێی بووە یان بۆیان گێڕاوەتەوە تۆمار كردووە، بە بێ ئەوەی شرۆڤە و لێكدانەوەی هۆ و ئەنجامیان بۆ بكات، بەڵام ئەو لە ڕووداوەكانی بەهاری ساڵی 1965ەوە تا كۆتایی یادەوەرینامەكەی كە ڕێكەوتی (30/ 12/ 1966)ە (جەلیزادە، 2020، 424)، زیاتر و تەنیا هەواڵ و ڕووداوەكانی گێڕاوەتەوە و هیچ لێكدانەوە و شرۆڤەیەكی بۆ نەكردوون. بۆیە یادەوەرینامەكەی ئەو زیاتر وەك سەرچاوەیەكی خامە بۆ توێژەرانی مێژوو لە ئێستا و داهاتوودا بە نرخ و گرنگە.

**ئەنجام**

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، كە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. بنەماڵەی جەلیزادە لە كۆیە، یەكێكن لە بنەماڵە دیارەكانی كوردستان، كە ڕۆڵی گەورەیان لەبەرەو پێشبردنی لایەنی ڕۆشنبیریی و ئایینی شارەكە و دواجار كوردستان هەبووە، كە جگە لە مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد، نەجیبەش زادەی ئەو بنەماڵەیەیە و بە ئەندازەی خۆی ڕۆڵی هەبووە.
2. نەجیبە لە ڕووی كۆمەڵایەتیی و تێكۆشانی سیاسیی و ڕێكخراوەیی ڕۆڵی كارا و گەورەی بینیوە، بە هۆی ئەوەی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە مەلای گەورەی باوكی لە پاڵ كوڕاندا ناردوویەتییە بەر خوێندن، جگە لەوەی خوێندن و خوێندەواری زوو فێر بووە، هاوكات بووە بە خاوەن كەسایەتی خۆشی لە قۆناغەی ئەو كاتی كۆمەڵگای كوردی، واتە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.
3. هۆكاری خوێندەواریی و جیاوازی لە پەروەردەی خێزانی و ئاستی هۆشیاریی و كەسایەتییەكەی، لە پاڵ ژینگەی خێزانی، توانیویەتی ئارەزووەكانی لە نووسین و تۆماری ڕووداوە مێژووییەكان و هەواڵەكانی كوردستان و عێراق و ناوچەكە خاڵی بكاتەوە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

4. بەرهەم و نووسینەکانی نەجیبە، ئەکادیمی و زانستی نییە و پەیڕەوی لە ڕێبازی نووسینەوەی مێژوویی و ئەکادیمی نەکردووە، بەتایبەتی کتێبەکانی هەواڵی کوردەواری کە خۆی لە یادەوەرینامەدا دەبینێتەوە، تەنانەت لە ناوەڕۆکیشدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە.

5. کتێبەکانی هەواڵی کوردەواری، وێرای کەموکوڕیی و لە هەندێك شوێندا زاڵ بوونی هەست و سۆزی لایەنگریی و ڕق لە بەرامبەر، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بایەخی خۆیان هەیە بۆ توێژەرانی بواری مێژوو بەتایبەتی و توێژەرانی بواری زمان بەگشتی، چونکە یادەوەرینامەکەی نەجیبە بە شێوەزاری کۆییان نووسراوەتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبەکان:**

**ئەلف: کتێبە کوردییەکان:**


ئەحمەد، زامدار/ أ، (2021): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ئەحمەد، زامدار/ ب، (2021): ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی.

ئەحمەد، زامدار/ ج، (2021): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بابانزادە، کامەران، (2012): مەلای گەورەی کۆیی (سێیەمین فێستیڤاڵی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان، سلێمانی.

جەلیزادە، نەجیبە، (2018): هەواڵی کوردەواری (1962- 1963)، پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە: د. کەمال مەعرووف، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

جەلیزادە، نەجیبە، (2020): هەواڵی کوردەواری (1961- 1962/ 1965- 1966)، پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە: د. کەمال مەعرووف، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

حاجی، سیروان محەممەد، (2012): ژنانی ناوداری کورد (ژیان و بەسەرهاتی سەد ژنی ناوداری کورد لە مێژوودا)، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، (1984): مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نمیر، بەغدا.

حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، (2007): مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، سلێمانی.

ڕواندزی، عەقیلە، (2005): یاد و ئافەرین، بڵاوکراوەی سەنتەری شاووشکا بۆ چالاکی ڕۆشنبیری، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

ساڵحی، عەتیە حەمەسەعید، (2023): گەشتی ژیانم (لە کۆیەوە بۆ لەندەن و گەڕانەوەم بۆ وڵات)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

سەنگەسەری، عوسمان، (2013): ژنە ناودارەکانی کورد، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

شارەزا، کەریم، (2016): دیوانی شارەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

شارەزا، کەریم، (2014): ئافرەتی ڕووناکبیری هۆشیاری کورد نەجیبەخانی جەلیزادە، وتارێك لە کتێبی قامووسی ناوە نەمرەکان، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، هەولێر.

عەلائەدین، عەبدولخالق، (2009): مەلا گەورە (زانا و ئەدیب و شاعیر)، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

عەلائەدین، عەبدولخالق، (2014): کۆیە... ناودارانی، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

عەونی، فەرهاد، (2021): ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان (1953- 1991) توێژینەوەیەکی بەرایی، بێ شوێنی چاپ، کوردستان.

کۆیی، حاجی قادر، (2016): دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی.

گۆران، محەممەد، (2023): کچانی مەکتەب لە سەدەی ڕابردوودا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

گەرمیانی، شۆڕش ئەحمەد، (2013): گوڵبژێرێك لە ناودارانی کورد، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

محەممەد، مەسعوود، (2009): گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریمی، (2010): بنەماڵەی زانیاران، بڵاوکراوەی کتێبی کانی، سنە.


**ب: کتێبە عەرەبییەکان:**


توش، جون: المنهج في دراسة التاريخ، اتجاهات ومنهجيات وأهداف جديدة في دراسة التاريخ الحديث، ترجمة: د. ميلاد المقرحي، منشورات جانعة قاريونس، بنغازي- ليبيا، 1994.


**دووەم: نامە ئەکادیمییەکان:**

کانی کوردەیی، هەورین عەلی، (2021): ڕۆڵی سـیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری ژنانی کۆیە (1958-1991)، توێژینەوەیەکی مێژوویی- زارەکییە، ماسـتەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشـکەشـی بەشـی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە کراوە.

**سێیەم: گۆڤارەکان:**

ئەحمەد، زامدار، (2016): مەلای گەورەی کۆیە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی، گۆڤاری خاڵ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ژمارە 7.

ڕەسووڵ نەژاد، عەبدوڵڵا، (2018): ڕۆڵی مەلای گەورە لە پەروەردە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییدا، گۆڤاری قەڵای زانست، موجەلەد 3، ژمارە 4.

سـاڵح، ئاراس محەممەد (دکتۆر) (2017): هەوڵەکانی مەلای گەورەی کۆیە لە چاکسـازی و نوێکردنەوەی بیری ئاینییدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 37.

**چوارەم: چاوپێکەوتن:**

خانەقا، نەجلە شـێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، 2023/6/1، هەولێر. سـاڵی 1946 لەدایکبووە، خێزانی مەسـعوود محەممەد، دانیشتووی هەولێر.

عەبدولکەریم، چیمەن ڕەفیق، 2023/6/25، کۆیە. ساڵی 1950 لە کۆیە لەدایکبووە، لێپرسراوی لقی ژنانی کۆیەیە، دۆست و هاوسێی نەجیبە، دانیشتووی کۆیە.